کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:43 5-11-2007

**ڕۆژێکیش دێت کورد "دەست بە دیوار" بە گوڵ بکات ... بەهێز حوسێن**

bahez2006@hotmail. com

شێوازی بانگهێشتکردنی (مام جەلال) ی سەرەك كۆماری عێراق لە لایەن عەبدوڵا گولی سەرۆكی توركیاوە بۆ ئەو وڵاتە، بووە مایەی هەڵوێستە كردنم بەرامبەر ئەو بێ ڕەوشتییە سیاسی و شۆڤینیانەیەی سیاسییە موسڵمانەكانی (عەدالەت و گەشەپێدان) بەرامبەر بە شكۆمەندی سیاسەتمەدارانی عێراق بە گشتی و كورد بە تایبەتی دەیكەن.
"گول" كە گولێكی لەخۆبایی و گومڕایە بەجۆرێك بانگهێشتی سیاسەتمەداری دێرین و سەرك كۆماری عێراق و یەكێك لە سومبولەكانی خەباتی گەلی كوردستان و عێراق (مام جەلال) ی كردووە كە تەنها بۆ شەش دەقە قسەی لەگەڵ بكات و بۆ ئەم شەش دەقە بێ نرخەش، پیاوێكی گەورەی وەك تاڵەبانی بگاتە ئەستەمبووڵ و نانێكی نیوەڕۆ بخوات!.
لە ڕەوشتی سیاسیدا بانگهێشتكردن وا باوە كە لە ڕێگەی نامەیەكی ڕەسمی یان ناردنی وەفدێكی تایبەت بكرێت و ئەم ڕێوڕەسمەش نەك تەنها بۆ بانگهێشتكردنی سیاسەتمەدار و سەرۆكی وڵاتان و ڕۆشنبیران باوە بەڵكو ئێستا بۆ شەكراوخواردنەوەیەكی ئاسایی كارتی تایبەتی بانگهێشتكردن دروستكراوە و پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام هەروەك چاوەڕێ دەكرا تاڵەبانی زۆر گەورەتر لە باڵا و ئەو شكۆمەندییەی "گول" پێیدا دەنازێت، هەر بە زارەكی و لە ڕێگەی كارمەندێكی دیوانی سەرۆكایەتییەوە ئەو بانگهێشتەی ڕەتكردەوە و ئامادە نەبوو وەك سەرۆكی وڵاتێكی گەورە و گران و كەسایەتییەكی دیاری دونیای سیاسەت لەسەر ئاستی جیهان بچێتە سەرخوانی كەسێك كە خۆی بە بە سیاسی دەزانێت و دوورە لە هەموو ڕەوشتێكی سیاسی.
"گول" وای ویستووە كە بە كەم بایەخ و ساكار تەماشای "تاڵەبانی" بكات، وەك ئەوەی نەزانێت كە تاڵەبانی كە سایەتییەكی جیهانییە و سیاسەتمەدارێكی موعتەبەری گەورەی وایە كە لە ئاستی گەورە وڵاتانی بڕیاربەدەستی جیهان و نەتەوەیەكگرتووەكانەوە ڕێزی لێدەنرێت و گوێی بۆ دەگیرێت.
بەم وەڵامە "مام جەلال" بەم هەڵوێستە ژیرانەیەی بە گولی وت كە ئەسڵەت جێی بایەخی ئەو نییە و ئەو شەش خولەك قسەكردنەشی كە بۆی دیاریكراوە لەگەل گولدا بیكات، بە خەو یان بە تەماشاكردنی سەقفی ژوورەكەی یا ن بە گوێگرتن لە ئاوازێكی مۆبایلەكەی بەسەر ببات باشترە!
خواناسەكانی عەدالەت و گەشەپێدانی توركیا كە ئەمڕۆ لە خۆیان بوغرابوون دەم لە قوڕ دەچەقێنن و ئەم نەهامەتی و بارگرژی ژیانەی بەسەر عێراق و كوردستاندا دەگوزەرێت كۆتایی دێت و ئەوكات ئومێد دەكەم پاش تەمەندرێژی و تەندروستی باش "تاڵەبانی" یان هەر سەركردەیەكی تری كورد و عێراقی لە كاتی پەلەقاژە و تەنگەتاوییەكی توركیا بۆ یەك خولەك "گول" بانگهێشتی عێراق بكەن و دەست لە دیوارێكی باشی پێ بكەن!
ئەم هەڵسوكەوتە ناشرینەی توركیا لەگەڵ بەڕێز مام جەلال پاش ئەو هەڵسوكەوتە نا بەڕێزانەیان دێت كە بەرامبەر وەفدی وتوێژكارانی حكومەتی عێراق و نوێنەرانی ینك و پدك لە ئەنكەرا كردنیان، چونكە ئەمە جۆرێكی ترە لەو سیاسەتە شۆڤینی و خۆ بەزلزانی و گومڕاییەی بەرامبەر بە كورد گرتویانەتە بەر، هەمووشی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە كە سەركەوتنی سیاسەتمەدارانی كورد و وەدەستگرتنی پۆستی باڵا و گرنگ و سیادی و ئاوەدانكردنەوەی كوردستان و دامەزراندنی زیاتری دامەزراوەكان و جێگیربوونی بارودۆخ لە كوردستانی عێراق بۆتە بەردێكی گەورە و بەری دڵی گرتوون.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.